# کاریگەری شانۆی شەقام لە بزاڤی شانۆی کوردی دا

**ID No.3765**

(PP 92 - 103)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.5.7

**ژیلوان طاهر باپیر**

بەشی سینەما و شانۆ - کۆلێژی هونەرە جوانەکان / زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر

zhilwan.bapir@su.edu.krd

**کەیفی أحمد عبدالقادر**

بەشی زمانی کوردی– فاکەڵتیی پەروەردە / زانکۆی کۆیە

Kaify.ahmad@koyauniversity.org

**وەگـــــرتن : 2020/09/21**

**پەسندکردن : 2021/07/06**

**بڵاوکردنەوە : 2021/11/20**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەری شانۆی شەقام لە بزاڤی شانۆی کوردی)دا توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفی یە، تیشک دەخاتە سەر شانۆی شەقام، وەکو ستایلێکی شانۆیی لە هەموو جیهاندا بڵاوە و کاری لەسەر دەکرێت لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە (چوارچێوەی پرۆگرام) کە چەند خاڵێک لەخۆ دەگرێت وەکو: گرفتی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە و سنورەکەی. بەڵام بەشی دووەم (چوارچێوەی تیۆری) چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت وەکو: سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی شەقام و فەزای کراوە، ئەزموونی شانۆی شەقام لە جیهاندا، ڕۆڵی دەرهێنەر و ئەکتەر لە شانۆی شەقام، هەنگاوەکانی ئامادەکردنی شانۆی شەقام. بەڵام بەشی سێیەم بریتی یە لە شیکردنەوەی سێ نموونەی شانۆی شەقام. لە بەشی چوارەم توێژینەوەکە دەگاتە چەند ئەنجامێک کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. لە شانۆی شەقام ئەکتەر و بینەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن لە پێکهاتەی نمایشی شانۆیی.
2. نواندنی ئیرتیجالی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لە پێکهاتەی نمایشی شانۆی شەقام.

**ووشە سەرەکیەکان**: شانۆی شەقام، نواندنی ئیرتیجال، فەزای کراوە، ئەکتەر، بینەر، تراژیدیا، کۆمیدیا

## پێشەکی

بەدرێژایی مێژووی هونەر هەر لە سەردەمی گریکەکانەوە تاکو ئەمرۆ، هونەرە جوانەکان بەشێوازی جۆراوجۆر لە شەقام و گۆڕەپان و پارک و شوێنەوارەکان و شوێنە گشتی یەکان نمایش کراوە، کە چەندین هونەری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت وەکو هونەری شانۆ و موزیک و شێوەکاری و پەیکەرتاشی و سەما و بالیە و کارە دەستیەکان و یاری سیحری و نمایشیـ جەستەیی، کە هەر هەموویان لەبەرچاوی بینەران نمایش کراوە، شانۆکاری گریکی کۆن (تیسبیس) یەکەم کەس بووە کە شانۆی گەڕۆکی لەسەر گالیسکەکەی لە شەقامەکانی شاری ئەسینا پێشکەش کردووە وە توانیویەتی بینەرێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوە، ئەو بابەتانەی نواندنی بۆ ئەنجام داوە بریتی بووە لە بابەتی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگای ئەو سەردەمە.

شانۆی شەقام لەو سەردەمەوە تاکو ئەمرۆ هەر بە زیندویی ماوەتەوە و بە چەندین شێواز و گۆڕانکاری نوێوە، وەکو ستایلێکی شانۆیی فەزای کراوە خۆی سەلماندووە، شانۆی شەقام لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا لەدوای سەدەی بیستەم وەکو شێوازێکی سەردەمیانە خۆی پێناسەکردووە و لە سەرجەم وولاتانی جیهان پەرش و بڵاوبۆتەوە و خۆی سەلماندووە، لە چەندین کەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵ و گردبوونەوە جەماوەریەکان بەشداری کاریگەری هەبووە، بابەتەکانی شانۆی شەقام لایەنی تراژیدی و کۆمیدی و تەنزئامێزی لەخۆگرتووە، هەندێک جاریش بەبێ بوونی دیالۆگ بەشێوەی پانتۆمایم نمایش کراوە. شانۆی شەقام زۆرجار وەکو دەربڕینی نارەزایی دژی دەسەڵاتە دکتاتۆریەکان وەکو تەوژمێکی بەرهەڵستکاری ڕووبەڕووی دەسەڵات بۆتەوە و پەیامی خۆی گەیاندووە، شانۆی شەقام لەدوای ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگی پێدراوە بۆ ئەم مەبەستە لە شار و شارۆچکەکان ساڵانە فیستیڤاڵی نیودەوڵەتی بۆ سازدەکرێت وە توانیویەتی بەشداریەکی کاریگەر بکات لە بزاڤی شانۆیی لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی.

1. **چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:**

**1.1. گرفتی توێژینەوە:**

هونەری شانۆ هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانەوەی لای گریکەکان (یۆنانی کۆن) تاکو ئەمڕۆ، بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە ئەرستۆ لە کتێبی هونەری شیعردا، هونەری شانۆ بۆ لاسایی کردنەوە دەگەڕێنێتەوە ئەم لاسایی کردنەوە بە کردار (فعل) دەستی پێ کردووە و بۆ هەر کردارێکیش کاردانەوەی لێ پەیدابووە، هەموو کردار و کاردانەوەکانیشی چالاکی مرۆڤن کە لەناخەوە دەردەچن. (هلتون، بدون سنة، ل٢٣). هونەری شانۆ کەلتورێکی زیندووی ناو کۆمەڵگەی شارستانیەت بووە، بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، چەندین قوتابخانە و ڕێباز و ستایلی لێ بۆتەوە کە بونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پراکتیزەکردنی هونەری شانۆ بەشێوازێکی کرداری، یەکێک لەو شانۆ گرنگانەی کە لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا تیشکی دەخەینە سەر بزووتنەوەی شانۆی شەقامە کە لە ڕابردوودا تاکو ئەمڕۆ ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە لەپێناو هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە سەرتاسەری جیهان وە بوەتە ستایلێکی تایبەت لەنێو ڕێباز و ستایلە شانۆیە باوەکان، شانۆی شەقام کاریگەریەکی بەرچاوی هەبووە لە خستنەڕووی بابەت و ڕووداوەکان بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە هەمیشە قەیران و تەنگژەن لەبەردەم تاکەکانی ناو میللەتەکانی ڕووی ئەم زەمینە.

شانۆی شەقام شانۆیەکی بەرهەڵستکارە هەمیشە بەدوای ماف و چارەنووسی کۆمەڵگەی زوڵم لێ کراو ڕۆڵی بینیوە بەتایبەتی ئەو دەسەڵات و کاربەدەستانەی کە بەردەوام مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە، شانۆی شەقام گەڕانە بەدوای ڕاستیەکان، شانۆی شەقام هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی یە، شانۆیەکی ڕەخنە ئامێز بووە و ڕاستەوخۆ لە شەقام و پارک و گۆڕەپان و شوێنە گشتی یەکان ئامادەیی خۆی دەربڕیوە، شانۆی شەقام لەسەر بنەمایەکی فیکری و فەلسەفی و ئابوری و سایکۆلۆژی و هونەری و ئیستاتیکی بونیادنراوە، چەندین لە گەورە هونەرمەندانی جیهانی ڕۆڵیان تیادا بینیوە و تاکو ئەمڕۆش هەر زیندووە و هەمیشە پەیامەکانی هەڵگری زادە و فیکر و خەیاڵی بینەرە، هەر بۆیە لە هەر شوێنێک شانۆی شەقام نمایشی خۆی ئەنجام بدات ڕاستەوخۆ بینەر لە دەوری کۆدەبێتەوە و کاریگەری لەسەر هەست و نەستی بینەران جێ دەهێڵێت، شانۆیەکی گەڕۆکە هەمیشە بەدوای جوانکردنی ژیانی ناو کۆمەڵگە شەونخونی کردووە و بۆتە دیاردەیەکی شارستانی و هونەرێکی باڵای ناو کۆمەڵگای جیهانی، هەر بۆیە بۆ قوڵبوونەوە لە شانۆی شەقام لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا دەپرسین:

1. ڕۆڵی شانۆی شەقام چیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ناو کۆمەڵگا.
2. تا چ ئاستێک بینەر پێشوازی لە شانۆی شەقام دەکات.

**1.2. گرنگی توێژینەوە:**

شانۆی شەقام زۆر جیاوازە لەگەڵ شانۆی تەقلیدی ناو هۆڵی داخراو، چونکە دەکرێت لە شەقام و گۆڕەپان و پارک و شوێنە گشتیەکان نمایش بکرێت. شانۆی شەقام پێویستی بە کەلوپەلی تەکنیکی هونەری سادە هەیە لە دیکۆر و جل و بەرگ و ئارایشت و دەمامک و ئێکسسوار، دەتوانرێت موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان بەشێوەی تۆمارکراو تەوزیف بکرێت بۆ خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامی و سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی. شانۆی شەقام ڕاستەوخۆ لەناو خەڵک (بینەر) پێشکەش دەکرێت لە فەزای کراوە، بابەتەکانی شانۆی شەقام پێکهاتوون لە بابەت و ڕووداوە زیندووەکانی ناو کۆمەڵگا کە دەکرێت بەشێوەی کۆمیدیای توانج یان تراژیدیای ڕەش پێشکەش بکرێت، هەربۆیە شانۆی شەقام گرنگی خۆی هەیە وەکو ستایلێکی شانۆی سەردەمیانە.

**1.3. ئامانجی توێژینەوە:**

تیشک خستنە سەر شێواز و ستایلی شانۆی شەقام، وەکو شانۆیەکی ئەزموونگەری کە لە فەزای کراوەدا نمایش دەکرێت، شانۆی شەقام پێویستی بە هۆڵ و تەکنیک و تەکنەلۆژیای ئاڵۆز نیە چونکە ڕەگەزە سەرەکیەکانی شانۆی شەقام پێکهاتوون لە (دەق، دەرهێنەر، ئەکتەر، بینەر)، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان بینەر و نمایش کاران و بەشداری کردنی بینەران وەکو ڕەگەزێکی بەهادار لەپێناو تەواوکردنی پێکهاتەی نمایشی شانۆیی، شانۆی شەقام دەتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ سەرجەم شوێنە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگا وەکو نەخۆشخانە و بەندیخانە و کارگە و یاریگا و سەرجەم شار و شارۆچکەکان چونکە پێداویستیەکانی شانۆی شەقام سادە و ساکارن و گواستنەوەیان زۆر ئاسانە بۆ ناو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا و گەیاندنی ئەو پەیامە فیکری و هونەریەی کە نەخشە و پلانی بۆ داڕێژراوە لەلایەن دەرهێنەر و ئەکتەر و هونەرکاران.

2. **چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:**

**2.1. سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی شەقام و فەزای کراوە:**

- **شانۆی فەزای کراوە لە سەردەمی گریکەکان:**

توێژەران و پسپۆرانی مێژووی شانۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ دەگەڕێننەوە بۆ ئاهەنگی جەژن و نوێژە ئاینیەکانی (دیۆنیزۆس) کە لای گریکەکان خـوای مەی بـووە، لە ڕۆژی جەژنـدا خەڵـکەکە دەسـتیان دەکـرد بە سـەماکردن و سرودگـوتن و سـەردوولکەدان، کە هەموویان سەربوردەی پڕ بەنابووتی و ئازار و خەم و خۆشی و ناخۆشی بوون و تێکەڵاو بە گەلێ شتی نهێنی دەبـوون، کە هـۆشی مرۆڤیان هان دەدا کە بیربکاتەوە هەروەها لەو ڕۆژەدا لە فەزای کراوە کەژاوەی ڕازاوە بۆ ڕێزلێنان و شانازی پێوەکردن بۆ ئەو خوایە ڕێـک دەخـران و لە زەنگیـان دەدا و مەشـخەڵیان هەڵـدەگرت و دەمامکیـان دەپـۆشی بـۆ ئەو شـوێنەی کە بـۆ ئاهەنـگ گێـڕانەکە ئامادەکرابوو پڕ فەرش دەکرا، بەو شوێنەیان دەگوت (شانۆ) ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە دەمانەوە و ئاهەنگیان سازدەکرد و لە خودای مەی دەپـاڕانەوە کە ژیـانێکی بەختەوەریـان پـێ ببەخشـێت و هەر لەو ئـاهەنگەدا گـلاسی شـەراب بەسـەر ئامـادەبووان دابەش دەکـرا و هەموویان لەو شەرابەیان دەخواردەوە بۆ ئەوەی مەستی نـاو دونیـای ئەندێشـە و خەیـاڵ بـن، هاوکـات لەگەڵ دەنگـی دەهـۆڵ و زورنادا سەمایان دەکرد خەم و خەفەتیان لەبیرخۆیان دەبردەوە. (هەورامی، 2001، ل١١)

- **شانۆی شەقام لای تیسپیس:**

ئەکتەری گریکی (تیسپیس) لە دوورگەی (ئاکاریا)ی سەر بە ناوچەی (ئارپون)ی وڵاتی (یۆنان) لە سـەرەتای سـەدەی شەشـەمی پـێش زاین لەدایک بووە، گرنگترین کاری دۆزینەوە و کارکردن بـوو وەک ئەکـتەری سـەربەخۆی شـانۆ، لەگەڵ سـازدانی گـۆرانی و سـەما. (تیسپیس) یەکەم ئەکتەرە بەشێوازی شانۆی شەقام کاری کردوە، بەخۆی و گالیسکەکەی بەناو شەقام و بازاڕ و باخچەکانی شـاری (ئەسینا) دەسوڕایەوە و دەچووە سەر گالیسکەکەی نواندنی دەکرد، شێوازی نواندنی بریتی بووە لە قسەکردن و پرسـیارکردن لەگەڵ ئەندامانی کۆرس و فراوان کردنی پانتایی دیالۆگ و زیادکردن و پەرەپێدانی ڕۆڵی سـەرەکی کـۆرس (تـاهیر، 2017، ل١٥). (تیسـپیس) ئەکتەرێکی هۆشیار و شاعیرێکی دەست باڵا بوو، بناغەی گۆڕانێکی گەورەی بۆ تراژیدیا دامەزراند، توانی تراژیدیا لە قۆنـاغی سرود گوتن و نزاکردندا بخـاتە نـاو قۆنـاغێکی تـازەوە و شـێوازێکی نـوێی پـێ ببەخشـێت، ئەمەش لەڕێـگەی دەربـڕینەوە واتە (دیـالۆگ)، هەروەهـا تـوانی ئەو سرودانەی کە کۆرسـە (دیسـیرامبۆس)ەکان وەک سـەربوردە دەیـانگێڕایەوە بگـۆڕێـت بـۆ چەنـد سرودێکـی هاوچەرخی ڕێک و ڕەوان و پڕ مانا و دڵگیر (هەورامی، 2001، ل٨٨). باسکردن لە (تیسپیس) واتە چونە ناو قۆناغێکی نوێی هونەری نواندنەوە، چونکە ڕۆڵی تاکە ئەکتەری دەگێڕا، لای یۆنانیەکـان وەکـو ڕاهیـب سـەیردەکرا، کە پێیـان وابـوو لەکـاتی نواندنـدا گیـانی خواوەندی تیادا دەژی، پاشان گۆڕا و ناوی نا ئەکتەر (Actor)، لە سەردەمی تیسپیسدا ئەکتەر بە سەماکەر بانگ دەکرا، لەبەرئەوەی بەشی زۆری نمایشەکان سەما و ئاوازبوون، بۆ ئەوەی شانۆ بتوانێت گوزارشت لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بکات، پێویست بوو کە پاڵەوانێک لە بەرامبەر کۆرس بوەستێت و ڕووبەڕووی ببێتەوە یەکێک لەو سـەماکارە (تیسـپیس)بوو، کە تـوانی لە بەرامـبەر کـۆرس بوەستێت و ئەوەی ئەو دەیڵێت کۆرس بە گـۆرانی بیڵێـتەوە، هەروەهـا دەسـتێکی بـاڵای هەبـوو لە هـۆنینەوەی شـیعری تراژیـدی، هەربۆیە نمایشە شانۆییەکانی لە ئامادەکردن و شیعری ئاوازی خۆی بوو (تاهیر، 2017، ل ١٥-١٧). بەشێوەیەکی گشـتی نمایشـەکانی (تیسپیس) سەرەتایەکی مێژوویی بوو بۆ سەرهەڵدانی شانۆی فەزای کراوە و شانۆی شەقام، کە لەدوای ئەوەوە ئەم شێوازە شانۆییە سات بەدوای سات لە قۆناغە جیاوازەکان گرنگی زیاتری پێ درا دەرئەنجام شانۆی شەقامی لێ بەرهەم هێنرا.

- **شانۆی کەرنەڤاڵی لای ڕۆمانیەکان:**

لە سەردەمی ڕۆمانیەکان ساڵانە چەندین کەرنەڤاڵی هونەری و سەربازی سازدەکرا، کەرنەڤاڵەکان یان لە یاریگە بوو یان لە سەنتەری شەقامەکانی شار سازدەکرا، کەژاوەیان دەڕازاندەوە و ئەکتەرەکان بە جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و دەمامکی گەورە لەگەڵ موزیـک و گۆرانی نمایشیان سازدەکرد، هەروەها گرنگیەکی زۆریان بە نمایشی سەربازی دەدا و لە گۆڕەپان و مەیدانەکان پاڵەوانبـازی و یـاریە سەربازیەکانیان ئەنجام دەدا، نمایشە ئاهەنگ سازی یەکانی شانۆی ڕۆمـانی لاسـایی کـردنەوەی شـانۆی گریکەکـان بـوو، هەربـۆیە لەگەڵ دەنگی موزیک و گۆرانی سەما و جولەی جەسـتەییان دەکـرد، وەکـو ئەکـتەر دیالۆگیـان دەگـوت و کـۆرس وەڵامـی دەدانەوە (شمیت، ١٩٩٥، ل٧٦). ڕۆمانیەکـان زۆر گرنگیـان بە مـارشی سـەربازی دەدا هەمیشـە لە ئامادەبـاشی دابـوون بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی جەنگ، هەر بۆیە لەو سەردەمەدا شانۆی فەزای کراوە زیاتر بۆ نمایشی سەربازی بوو وە زۆربەی نمایشە کەرنەڤاڵەکانیان لە وەرزی پایز و بەهاردا سازدەکرا و جەماوەرێکی ئێجگار زۆر دەهاتن بۆ بینینی نمایشەکان.

ڕۆمانیەکان دوای داگیرکردنی وولاتی گریک سوودێکی زۆریان لە شارستانیەت و کەلتور و ئەدەب و هـونەری گریکەکـان وەرگـرت، توانیان بەرگێکی نوێی بەبەربخەنەوە، تەنانەت شانۆی ڕۆمانی لاسـایی کـردنەوەی شـانۆی گریکەکـانە کە لە فەزای کـراوە پێشـکەش دەکرا بەڵام لەڕووی دیزاینەوە بەتایبەتی دیکۆری سەر شانۆی ڕۆمانی لەڕووی ئەندازیاریەوە گرنگی زیاتری پێ درا و هەردوو جۆری شانۆی تراژیدی و کۆمیدی تیادا پێشکەش دەکرا، لەو سەردەمەدا (ڕۆما) ناوبانگی دەرکردبـوو بە پـایتەخی هەمـوو جیهـان دەنـاسرا

هەربۆیە بینەری شانۆیی لە سەردەمی ڕۆمانیەكان ئێجگار زۆر بوو لە زۆربەی وواڵتانی ئەوروپاوە دەهاتن بۆ بینینی كەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵ و نمایشە شانۆییەكانیان (هەورامی، 2011، ل140).

- **شانۆی فەزای كراوە لە سەدەكانی ناوەڕاست:**

لە سەدەكانی ناوەڕاست شانۆ سەرەتا لەژێر چاودێری و حوكمی كەنیسە بوو، هەربۆیە دەقی نمایشە شانۆییەكان لە ئینجیلەوە وەرگیرابوو وە ئەكتەرەكان ڕۆڵی پیاوانی ئاینیان دەبینی و زۆربەی نمایشەكان لەناو كەنیسە پێشكەش دەكران كە شێوەی سروتێكی ئاینی وەرگرتبوو، لەلایەكی ترەوە ئەكتەرە گەڕۆكەكان گەشتیان بەنێو شار و شارۆچكەكان دەكرد بۆ نمایشی كارە شانۆییەكانیان، نمایشەكان لە فەزای كراوەدا ئەنجام دەدران، لە سەدەی ناوەڕاستدا شانۆی (گالیسكە) سەری هەڵدا كە لە ناوەڕاستی شەقام و شوێنە گشتی یەكان نمایشی شانۆیی یان پێشكەش دەكرد، بەڵام دواتر ئەم شانۆیە لەلایەن دەسەڵاتی كەنیسەوە قەدەغەكرا تا ئەوكاتەی شانۆ بەتەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی كەنیسە و پیاوە ئاینی یەكان ڕزگاری بوو (ماكدونالد، ١٩٩٩، ل١٢). دوای هاتنە دەرەوەی شانۆ لەناو كەنیسە چەند گروپێكی شانۆیی دروست بوون و نمایشە شانۆییەكانیان لە شەقام و پارك و شوێنە گشتی یەكانی ناو شار نمایش دەكرد، هەر بۆیە ئەم سەردەمە قۆناغێكی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی شانۆی شەقام، هەربۆیە گروپە شانۆییەكان بەشێواز و تەكنیكی هونەری جۆراوجۆر نمایشە شانۆییەكانیان ئەنجام دەدا و زۆر گرنگیان بە دیكۆر و جل و بەرگ و ماكیاژ و موزیك دەدا، لە هەندێ نمایشدا دەمامكی جۆراوجۆریان بەكاردەهێنا، لە سەدەكانی ناوەڕاست شانۆی شەقام لە وواڵتانی ئەوروپا گرنگیەكی تەواوی پێ درا و تێكستی نمایشە شانۆییەكان ڕووبەڕووبوونەوە و ڕەخنە بوو لە دەسەڵات هەربۆیە لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازیەكی گەرمی لێوە دەكرا و كاریگەری تەواویان دروست كردبوو لەسەر هەست و نەستی بینەر (الیاس، ١٩٩٧: ل٤٦٣) هەر لەو سەردەمەدا شانۆی (كۆمیدیای دیلارتی) لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا شانۆیەكی گەڕۆك بوو كە ژمارەی ئەكتەرەكانیان لەنێوان (١٠ تا ١٢) ئەكتەر بوو، بابەتی شانۆییەكان زیاتر باسی چیرۆكی خۆشەویستی دەكرد، ئەكتەرەكانی شانۆی كۆمیدیای دیلارتی زیاتر پشتیان بە نواندنی ڕاگوزەری (المرتجلة) دەبەست وە هەر كەسایەتیەك سیفات و تایبەتمەندی خۆی هەبوو، شانۆیەك بوو بۆ ئەو سەردەمە نوێخواز و پێشكەوتوو بوو، بابەتەكان هەرهەمووی كۆمیدی بوو، بۆیە توانی بینەرێكی زۆر لە وواڵتی ئیتاڵیا و وواڵتی تری ئەوروپا بەم شانۆیە ئاشنا بكات و جێگای ڕەزامەندی بینەرانی شانۆ بێت. شانۆی كۆمیدیای دیلارتی پشت بە ئیرتیجال كردن دەبەستێت، هەربۆیە پێویستی بە ئەكتەری شارەزا و ناسراو هەیە، كە شێوەیەكە لە شانۆی میللی، لە بنەڕەتدا شانۆی كۆمیدیای دیلارتی شانۆیەك بوو دژی شانۆی تەقلیدی، هەروەها دژی شانۆی بۆرژوازی بوو كە تایبەت بوو بۆ پادشا و وەزیر و دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندەكان، هەربۆیە بابەتە شانۆییەكانیان ڕەخنەیی بوو بەشێوەی تەنز یان كۆمیدیایەكی گاڵتەجاڕی، لە كۆمیدیای دیلارتیدا ئەكتەرەكان بەرلەوەی دەست بە نمایش بكەن و بێنە بەرچاوی بینەران، هەڵدەستنا بە دیاریكردن و نەخشدانان بۆ چیرۆكێك پاشان لەكاتی نواندندا بە دیالۆگ و جولە و هێمای تەعبیری ناوەڕۆكی چیرۆكەكەیان لەكاتی نمایشدا دەگەیاندە بینەران، نواندنی ئیرتیجال بەواتای ئازادی دان بە ئەكتەر بە مەرجێك لەچوارچێوەی بابەت و كات و شوێن دەرنەچێت، زۆرجاریش لەڕێگەی بانتۆمایم و جولەی جەستەیی بەبێ دیالۆگ خەندەیان دەبەخشی بە بینەران، هەربۆیە كۆمیدیای دیلارتی بابەتیانە و چێژبەخشە و لەسەرەتا تا كۆتایی نمایش سەرنجی بینەران بۆخۆی ڕادەكێشێت، وە شانۆیەكە توانای ئەكتەر بەدەردەخات و ناوبانگی پێ دەبەخشێت (تاهیر، 2017، ل28).

**2.2. ئەزموونی شانۆی شەقام لە جیهاندا:**

لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنیك و تەكنەلۆژیا لە جیهاندا، لە سەرەتای سەدەی بیستەم تاكو ئەمڕۆ چەندین شێوازی شانۆی سەردەمیانە هاتە نێو جیهانی شانۆوە، لەپێش هەمواندا شانۆی پێشڕەو (المسرح الطبیعی) كە گۆڕانكاریەكی نوێخوازی خستە ناو ئەزموونی شانۆییەوە، یەكێك لەو ئەزمونانەش پێشكەش كردنی شانۆ لە فەزای كراوە، لە شەقام و باخچە و شوێنە گشتی یەكان مەبەستیش لەم نمایشانە ئامانجی ڕامیاری لەپشتەوە بوو، لەپێناو هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگا لە كار و كردارەكانی دەسەڵات (كریستوفر، ١٩٩٤، ل١٥).

سەرجەم ستایلە شانۆییەكانی شانۆی پێشڕەو بریتی بوو لە یاخی بوون بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەم لەلایەن دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەكانە كە حوكمی گەل و نیشتمانیان بەدەستەوەبوو، هەربۆیە شانۆی پێشڕەو توانی پێشڕەوی بكات لەمیانی پێشكەشكردنی نمایشە شانۆییە جۆراوجۆرەكاندا، هەربۆیە شانۆ دابەش بوو بەسەر فەزای داخراو و فەزای كراوەدا، پەیوەندیەكی پتەو دروست بوو لەنێوان بینەر و نمایشكاران دا بەتایبەتی ئەو شانۆیانەی ڕاستەوخۆ لە فەزای كراوەدا لەناو بینەراندا نمایش دەكران لەسەر بنەمایەكی فكری و فەلسەفی و هونەری و ئیستاتیكی (حمادە، 2010: ل48).

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم تەوژمی شانۆی ئەزموونگەری هاتە نێو مەیدانی بزاڤی شانۆی جیهانی، کە بەچەندین شێواز و ستایلی جۆراوجۆر شانۆ نوێ بوونەوەی بەخۆیەوە بینی وەکو شانۆی بازنەیی، شانۆی ژوور، شانۆی دیوەخان، شانۆی شەقام، شانۆی بووکەڵە، شانۆی پانتایی بۆش، شانۆی نێو زیندان، شانۆی ماڵ، تێکشکاندنی دیواری چوارەم لە شانۆی داستانی لای برتۆلد برێخت، هاتە پێشەوەی چەندین ستایلی شانۆیی نوێخوازی لەلایەن گەورە داهێنەرانی وەکو ستانسلاڤسکی و مایرهۆلد و ئارتۆ و کرۆتۆفسکی و پیتەربرۆک و ماکس رانیهارد و ئاریان مینۆشکین و بیتەر فایس و یۆژینۆ باربا و کادیۆش کانتۆر و چەندانی تر (جیمس، ١٩٩٦، ل٢٤٠). ئەوەی مەبەستە تیشکی بخەینە سەر ئەزموونی شانۆی شەقامە لەناو ئەزموونی شانۆی جیهاندا کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە هەموو سەردەمەکاندا ئەم شێوازە شانۆییە کاریگەری خۆی بەجێهێشتووە لەسەر فکر و ئەندێشە و خەیاڵی بینەراندا. کاتێک کە جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا زۆربەی هۆڵەکانی شانۆ داخران و بزووتنەوەی شانۆی ناو هۆڵ بەتەواوی پەکی کەوت، هەربۆیە زۆربەی شانۆیەکان لە دەرەوەی شانۆی تەقلیدی پێشکەش دەکران، لەسەر شەقام و لەناو باخچە و قاوەخانە و کارگە و شوێنەوارە مێژووییەکان و نەخۆشخانەکان و چەندین شوێنی تر کە ڕاستەوخۆ بینەر لە دەوریان کۆدەبوونەوە.

بابەت و ڕووداوی دیمەنە شانۆییەکان دژی هەڵگیرساندنی جەنگ بوون. شانۆی شەقام هاوسۆزیەکی تەواوی دروست کردبوو لەنێوان ئەکتەر و بینەردا وە زۆرجار پرسیار ئاڕاستەی بینەر دەکرا و بینەرانیش وەڵامیان دەداوە و بەشداریان دەکرد لەپێناو گەیاندن و تەواوکردنی ڕەگەزەکانی نمایش کە شێوەی تەقسێکی ئاهەنگسازی بەخۆیەوە دەبینی و گۆرانی و موزیکیش تەوزیف دەکرا لە نمایشە شانۆییەکاندا (محمد، 2007، ل٥٦). دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم شانۆی شەقام لە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بابەتە شانۆییەکان هیوای دەبەخشی بە ژیان بۆ ئەوەی پاشماوەی جەنگ لەبیر خۆیان ببەنەوە و جارێکی تر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان توندوتۆڵ بکەنەوە. شانۆی شەقام پشت دەبەستێت بە ڕووداوە زیندووەکانی ناو کۆمەڵگا هەربۆیە جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ شانۆی درامی تەقلیدی، هەربۆیە لەمیانی ئەم خشتەیەدا جیاوازیەکان بە چەند خاڵێک پۆلێن کراوە (الیاس، 1997: ل426).

جیاوازی نێوان شانۆی تەقلیدی و شانۆی شەقام

| شانۆی تەقلیدی (هۆڵ) | شانۆی شەقام |
|---|---|
| پشت بە تێکست دەبەستێت | پشت بە سیناریۆی وێنە و ڕووداوەکان دەبەستێت |
| کردار | کاردانەوە |
| چارەسەر | کۆتایی کراوە |
| ڕۆڵ بینین | بەجێگەیاندنی ئەرک |
| فەزای داخراو | فەزای کراوە |
| بەرکەوتنی ئەکتەر و بینەر | نێوەند لەنێوان ئەکتەر و بینەر |
| خوڵقاندنی کەش و هەوای درامی و سایکۆلۆژی | خوڵقاندنی کەش و هەوای سروشتی |
| تێڕوانین بە یەک ئاڕاستەیە | تێڕوانین بە ئاڕاستەی جۆراوجۆرە |
| پشت دەبەستێت بە تەکنیک و تەکنەلۆژیای سەردەم | پشت دەبەستێت بە تەکنیکی سادە |
| بینەر چاودێرە | بینەر بەشداری دەکات |
| پشت دەبەستێت بە دیالۆگ و جولە | پشت دەبەستێت بە وێنە و جوڵەی بانتۆمایم |
| هەست و سۆز دەبەخشێت بە بینەر | بینەر هۆشیار دەکاتەوە لە ڕووداوە زیندووەکان. |

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم شانۆی شەقام بە چەندین ستایلی جۆراوجۆر دەرکەوێت، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شانۆی (نان و بوکەشوشە) بەشێوازێکی نوێ دەرکەوت، هونەرمەندی ناودار (بیترشۆڤان) بە دامەزرێنەری ئەم شانۆیە دادەنرێت، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاری نیویۆرک شانۆی (نان و بوکەشوشە)یان نمایش دەکرد، لەمیانی نمایشەکەدا پارچەیەک نانیان بەسەر بینەراندا دابەش دەکرد کە زۆربەی بابەتەکان دژی سەرمایەداری و جەنگی ڤێتنام بوو (الیاس، ١٩٩٧، ل٤٦٢).

لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات گرنگیەکی تەواو بە شانۆی کراوە دەدرێت لە ئەڵمانیا لە وەرزی هاویندا ساڵانە چەندین نمایشی شانۆیی سەرلێواری دەریا لە فەزای کراوەدا نمایش دەکرێت وە لە وڵاتانی عەرەبی وەکو میسر و تونس و

مەغریب و جەزائیر و عێراق و سوریا ساڵانە فیستیڤاڵی شانۆی شەقام سازدەکرێت وە لە شارەکانی وولاتی تورکیا و ئێران و هیندستان و یابان بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر شانۆی شەقام نمایش دەکرێت وە هەندێک کەرنەڤاڵی جەماوەری بۆ سازدەکرێت کە بەناو بازاڕ و شوێنە گشتی یەکان لەسەر پشتی ئۆتۆمبێلی لۆری نمایشەکان بەشێوازی کۆمیدی ئامێز کە ئەکتەرەکان جل و بەرگی سەیر و سەمەرە و ڕەنگاوڕەنگ و هێما ئامێز لەبەردەکەن وە چەندین دەمامک بەکاردەهێنن بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی بینەران بەهاوکاری موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان.

**2.3. ڕۆڵی دەرهێنەر و ئەکتەر لە شانۆی شەقام:-**

لە شانۆی شەقام ڕۆڵی دەرهێنەر و ئەکتەر کارێکی ئێجگار قورسە چونکە دەرهێنەر دەبێت بەپێی هەل و مەرجی ژیانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگا تێکستی شانۆیی بنوسێت یان هەڵبژێرێت لە ڕەنگدانەوەی قەیرانەکانی ناو کۆمەڵ بێت. دەرهێنەر دەبێت بەپێی پێداویستیەکانی دەقەکە ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا دیاری بکات و کات و شوێنی نمایشی لەبەرچاو بێت. دەبێت دەرهێنەر ئەکتەرەکان ڕابهێنێت چۆن بەشێوەی ئیرتیجال مامەڵە لەگەڵ دەقە شانۆییەکە دەکەن، دابەش کردنی جولەی ئەکتەر شێوەی چوارگۆشە یان بازنەیی دەبێت، بۆیە پێویستە دەرهێنەر لەکاتی دابەشکردنی دەورەکان بەسەر ئەکتەردا ڕەچاوی ئەوە بکات کە دەبێت ئەکتەرەکان بەشێوەیەک دابەش بن لەسەر فەزای نمایش کە لە هەموو لایەک بینەر بتوانێت تەواوی نمایشەکە بەچاوی خۆی ببینێ، دەرهێنەر بەرپرسی یەکەمە لە دانانی پلانی دەرهێنان کە لە فەزای کراوەدا ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا بەشێوەی میزانسێن دابەش بکات تاکو یەکەیەکی یەکگرتوو تەوازن هەبێت لەنێوان ئەکتەرەکان و چۆنیەتی مامەلەکردنیان لەگەڵ ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا (تاهیر، 2017، ل١٥١). پێویستە دەرهێنەر بەردەوام کار لەسەر تێبینیەکانی بینەر و ڕەخنەگران بکات وە سوود لە ڕەخنەکانیان وەربگرێت، بەتایبەتی بۆ بەرهەمی داهاتوو، ڕاستە شانۆی شەقام لە شەقام و گۆڕەپان و باخچە و شوێنە گشتی یەکان نمایش دەکرێت بەڵام ڕەنگە هەر دەرهێنەرێک هەوڵ بدات بەشێوەیەکی ئەزموونگەری و نوێخوازی بەرهەمەکەی پێشکەش بکات لە هونەری شانۆدا هەر چەند بیربکەینەوە و خەیاڵت بجولێنێ دەتوانی داهێنانی جوانتر بکەی، هەربۆیە لە شانۆی شەقام دەرهێنەر و ئەکتەرەکان پێویستە هەموو هەوڵێک بدەن بۆ ئەوەی بەرهەم بەرهەم لەدوای بەرهەم نوێخوازی لە کارە شانۆییەکەیاندا ڕەنگ بداتەوە، شانۆی شەقام پانتایی و مەودایەکی فراوانی هەیە هەربۆیە ئەو موفرەداتانەی کە لە شانۆی ناو هۆڵ ناتوانرێت بەکاربهێنرێت دەکرێت لە شانۆی شەقام تەوزیف بکرێت بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت سوود لە تەکنیک و تەکنەلۆژیای سەردەم وەربگیرێت بۆ نموونە (ئاگرکردنەوە) یان بەکارهێنانی سەیارەی ئاگرکوژێنەوە یان هاتنی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن (إسعاف)...هتد، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت لە شانۆی شەقام هەروەکو هونەری سینەما دەست باڵایە لە بەکارهێنانی تەکنیکی هونەری لەپێناو خزمەتکردنی نمایشە شانۆییەکە. لەشانۆی شەقام ئەکتەر دەبێت توانای جەستەیی زۆر باش بێت وە خاوەنی دەنگێکی گەورە بێت تاکو دوورترین بینەر بەئاسانی لە دیالۆگەکان بگات چونکە زۆرجار بینەری شانۆی شەقام وەکو ڕێبوارێک چاوی بەو نمایشە دەکەوێت و سەرنجی ڕادەکێشێت و دەوەستێت بۆ سەیرکردنی ئەمەش بەڵگەیەکە کە شانۆی شەقام لەتوانایدا هەیە زۆرترین بینەر لەخۆی کۆبکاتەوە، وە پێویستە هەوڵ بدرێت ماوەی نمایشەکە زۆر درێژ نەبێت بەپێچەوانەوە کەم و پوخت بێت لەنیو کاتژمێر تێپەڕ نەکات تاکو بە میزاج و چێژێکی ئیستاتیکیەوە بینەران بەشداری نمایشەکە بکەن.

**2.4. هەنگاوەکانی ئامادەکردنی شانۆی شەقام:-**

شانۆی شەقام ستایلێکی تایبەتە لەنێو ستایلە نوێخوازەکانی شانۆی جیهانی، هەربۆیە بۆ بەرهەمهێنانی شانۆی شەقام پێویستە ئامادەکاری بۆ بکرێت لە گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە (ئەحمەد، 2019: ل55-58).

1. پێویستە پێشکەشکردنی نمایشی شانۆیی شەقام لەکاتێکی گونجاو بێت باشترین کات وەرزی پایز و بەهارە چونکە کەش و هەوا مام ناوەندیە و بینەر هەست بە گەرما و سەرما ناکات.
2. چیرۆکی تێکستی شانۆییەکە پێویستە بابەتێکی کۆمەڵایەتی گەرما و گەرم بێت و ڕەنگدانەوەی ئەم قەیرانانە بێت کەلەناو کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەن.
3. دەکرێت تێکستی شانۆییەکە سیناریۆیەکی وێنەیی بێت بەبێ دیالۆگ تەنها لەڕێگەی شانۆی پانتۆمایم پێشکەش بکرێت.
4. چەند ڕۆژێک بەر لە پێشکەشکردنی نمایش ڕیکلامی بۆ بکرێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا بۆ ئەوەی بینەران لە کات و شوێنی نمایشەکە ئاگاداربن.
5. دەرهێنەر و ئەکتەرەکان پرۆژەیەکی باشیان کردبێت، ئامادەیی تەواویان هەبێت کە لەکاتی نواندندا ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن بینەرانەوە ئاراستەیان دەکرێت بەجوانی وەڵام بدرێتەوە و لەبازنەی بابەتی تێکستەکە نەچنە دەرەوە.

6. پێویستە ئەکتەرەکان لەکاتی نواندندا ڕەچاوی هەموو گۆشەکانی دەوروبەریان (بینەر) بکەن تاوەکو هەمووان بە یەکسانی سود لە بینینی نمایشەکە وەربگرن و چێژی لێ وەربگرن.
7. شانۆی شەقام شانۆیەکی گەڕۆکە بۆیە دەکرێت لە چەند شوێنێکی جیاواز وەکو (شەقام، باخچە، یاریگە، شوێنەوارە کەلتوریەکان) یان لە شارێکەوە بگوازرێتەوە بۆ چەند شار و شارۆچکەیەکی تر.
8. بەکارهێنانی تەکنیک و تەکنەلۆژیا و موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان زۆر گرنگە لە نمایشی شانۆی شەقام تەوزیف بکرێت.
9. هەوڵ بدرێت لەکاتی نمایشی شانۆی شەقام ئەکتەرەکان لە هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ بن بۆ ئەوەی هەردوو ڕەگەزەکە بەشداریەکی کاریگەریان هەبێت لە نمایش.
10. ڕەگەزی نامۆبوون (التغریب) زۆر گرنگە لە نمایشی شانۆی شەقام تەوزیف بکرێت بۆ ئەوەی بینەران تووشی سەرسوڕمان بکات و ئەو کردارە شانۆییەی ئەنجام دەدرێت لە هزر و خەیاڵی ئەوان کارێکی چاوەڕوان نەکراو بێت.
11. کەرەستەکانی سینۆگرافیا بەشێوازی تەوازن (میزانسێن) لە پانتایی فەزای نمایش تەوزیف بکرێت بۆ ئەوەی لە هەر گۆشەیەک بینەر سەیری نمایش بکات هەست بە بوونی ڕەگەزەکانی بکات وەکو (دیکۆر - جلوبەرگ - ئێکسسوار - دەمامک - تەکنیکی هونەری).
12. کەش و هەوایەکی سایکۆلۆژی و هونەری و ئیستاتیکی بخوڵقێندرێت بۆ بینەر بۆ ئەوەی سوود و چێژ لە نمایش وەربگرێت وە دوای نمایش لە هزر و خەیاڵیدا بمێنێتەوە.

### 3. شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوە:

#### 3.1. کۆمەڵگای توێژینەوە:

لەمیانی بینینی نمایشە شانۆییەکانی شەقام، بەشێوەیەکی زیندوو (ڕاستەوخۆ) یان لەڕێگەی ڤیدیۆ، کە لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان نمایش کراون لەنێوان ساڵانی (  -2019) کە زیاتر لە (٢٠) نمایش لەخۆی دەگرێت، لەم توێژینەوەیەدا بۆ مەبەستی شیکردنەوە و تیشک خستنەسەر بەرهەمە جوانەکانی شانۆی شەقام (٣) نموونەی شانۆی شەقاممان هەڵبژاردووە و تیشکی خراوەتە سەر لە بوارەکانی (دەق - دەرهێنان - نواندن - تەکنیکی هونەری - بینەر)

#### 3.2. ئامرازی توێژینەوە:

بینینی نمایشە شانۆییەکانی شانۆی شەقام بەشێوەی زیندوو (ڕاستەوخۆ) یان لەڕێگەی ڤیدیۆی تۆمارکراو، وە تیشک خستنە سەر ستایلی شانۆی شەقام لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی.

#### 3.3. میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی شیکاری وەسفی.

#### 3.4. نموونەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە (٣) نموونەی شانۆی شەقام کاری شیکردنەوەی بۆ کراوە کە ئەم نمایشە شانۆییانەی خوارەوەن:

**نموونەی یەکەم: شانۆیی (بێ سنوور)**

بەرهەمی/ تیپی شانۆی هەوار/ کەرکوک

ئەکتەرەکان/ هەوار فارس، هونەر شەوقی، بەڵێن فارس

موزیک/ عەبدوڵڵا کاکەیی

بیرۆکە و دەرهێنانی/ نەژاد نەجم

بابەت و ناوەڕۆکی ئەم شانۆییە باس لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، بەتایبەتی پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری، لە دوو زەمەنی جیاوازدا، سەردەمی جاران و ئێستا وە بەراورد لەنێوان ئەم دوو سەردەمە جیاوازەدا کە جاران چۆن بووە و ئێستاکەش چۆنە، زەمەنی یەکەم یان جارانی کۆمەڵگەی کوردەواریە، کە لەو سەردەمەدا نەتەوەکان ژیانێکی سادە و ساکاریان گوزەراندووە، دوور لە هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی کردنی دەنگ و ڕەنگ و تەکنەلۆژیای ئەم سەردەمە، تاکەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی زۆر سادە و ساکار توانیویانە ئەوەی لەنێو مێشک و دڵ و دەروونیاندا هەیە بۆ کەسی بەرامبەر دەری ببڕن یان لەڕێگەی چەند ساتێکەوە پەیوەندی خۆشەویستی یان داخوازی هاوسەرگیری دروست دەبوو، بەڵام لە زەمەنی ئەمڕۆدا چەندین ئامرازی پەیوەندی کردن بوونی هەیە وەکو فەیسبووک و ڤایبەر و ماسنجەر و واتسئاپ و ...هتد، هەروەها ئەو هەموو پێشکەوتنانەی لە ڕاگەیاندن بە دەنگ و ڕەنگ و خوێنراو و نووسراو هاتوونەتە کایەوە، جەنجاڵیەکی زۆری لەنێو مێشک و دڵ و

دەرروونی گشت تاکەکانی هەموو کۆمەڵگاکان بەکۆمەڵگای کوردەواریشەوە دروست کردووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی تاکەکانی زۆر بەو جۆرە ئامرازانەوە سەرقاڵبن، ئەمەش بووتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها ئەم نمایشە بەراوردێکە لەنێوان بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگای جاران و ئێستادا، هەروەها جەخت دەکاتە سەر شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و خزمایەتی و هاوڕێیەتی و وەفا و بەهانا هاتن و سەردانی کردنی نەخۆش و دۆستایەتی لەنێوان جاران و ئەمڕۆدا.

دەرهێنەر بابەت و کێشەیەکی وای هەڵبژاردووە، کە لەگەڵ ستایل و خەسڵەتی شانۆی شەقام بگونجێت، بەشێوەیەکی زۆر سەردەمیانە کێشە و ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو، لەڕێگەی بەکارهێنانی پەت (حەبل)ەوە، بینەر و ئەکتەرەکانی لە یەکتر جیا کردبوّوە، کە لەساتی نمایش هەستا بەو جیاکردنەوەیە، نەوەکو جیاکردنەوەیەکی پێشوەختە یان پێش نمایش ئامادەکاری بۆ کردبێت. ئەکتەر و بینەری خستبووە ناو دوو فەزای جیاواز، وە لەکاتی بەشداری پێ کردنی بینەر لە نمایشەکە پەتەکەی لادەبرد و پەیوەندی لەنێوان ئەکتەر و بینەر دروست دەکرد. لایەنێکی تری جوانی نمایشەکە تەوزیف کردنی بەو گۆرانیانە بوون کە بە دەنگی نمایشکار (بەڵێن) پێشکەش دەکران کە بەشێک بوو لە تەواوکەری بینای درامی و پێکهاتەی نمایشەکە کە گوزارشتی لە بابەت و ڕووداوەکان دەکرد، وە چێژی دەروونی دەبەخشیە بینەران. کە نمایش دەست پێ دەکات لەناو باخچەیەک، ئەکتەرەکان بەشێوەی بازنەیی دانیشتوون و هەندێکیان وەستاون، لە سەرەتا گوێمان لە دەنگی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی نەخۆش دەبێت (إسعاف) وەکو هێمایەکی ڕەمزی کە گوزارشت لەوە دەکات کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە زۆربەیان نەخۆشن. پاشان ئەکتەرەکان دێنە ناو فەزای نمایش هەریەکە و کەرەستەیەکی بەدەستەوەیە، بەگشتی موفرەداتەکان بریتین لە پەیژەیەکی دوولا، دوو تەلەفۆنی کۆن، کورسی، چەتر، باولێکی کۆن کە جاران بووک کەلوپەلەکانی دەخستە ناوی، چەند کارتێکی یاری کۆنکان لەدواتر بەسەر بینەران و فەزای نمایش پەرت و بڵاو دەکرێتەوە، سەرەتا کچە ئەکتەر (هەوار) کورسیەک و چەترێکی بەدەستەوەیە بەناو بینەران دەسوڕێتەوە و جلی کوردی لەبەرە و نەرمە سەمایەکی کوردەواری دەکات، پاشان کورسی و چەترەکە لە گۆشەیەکی پاڵ تایی نمایش دادەنێت. چەند جارێک زەنگی تەلەفۆنی جاران لێدەدات، کچەکە و کوڕێک لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن و باسی پەیوەندی خۆشەویستی دەکەن، ژوان بەیەکتر دەدەن کە یەکتر ببینن بە نهێنی بۆ ئەوەی زیاتر یەکتر بناسن، دوای پەیوەندی خۆشەویستی کوڕەکە دەچێتە داخوازی کچەکە و مارەی دەکات و دەیگوازێتەوە بەشێوازی ستایلی جاران، دەبێتە دەهۆڵ و زورنا لێدان و بووک و زاوا هەڵپەڕکێ دەکەن و هەندێک لە بینەران بەشداری دەکەن لەو ئاهەنگی هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەکە و دواتر گۆرانی (خەنەبەندان) لێ دەدرێت و بینەران چەپڵە لێدەدەن، بوک و زاواش بەناو بینەراندا دەسوڕێنەوە و دیاریان بەسەردا دابەش دەکەن کە ئەمەش لە بووک گواستنەوەی جاران باوبوو دەبوایە بووک و زارا دیاری دابەش بکەن بەسەر میوانەکانیان، پاشان بووکەکە تارای بوکێنی لەسەر دەکات و زاواش تاراکەی هەڵدەداتەوە و لەتەنیشت یەکتر دادەنیشن و خەڵکەکە شایی و گۆڤەند دەگێڕن و دەبێتە هەلهەلە لێدان و بەزم و گۆرانی گوتن.

لەدیمەنی دواتر هەردوو ئەکتەرەکە بووک و زاوا خەریکی خۆگۆڕینن و جل و بەرگی مۆدێرنی ئەم سەردەمە لەبەردەکەن کچەکە تیشێرتێک و پانتۆڵەکی کابۆی لەبەرە و زاواش کراسێک و پانتۆڵێکی نیوچارەک و زنجیرێکی لە ملە و هەموو دەستی کوتراوە. ئەکتەری سێیەم ناوەناوە پەیژەکە دەگوازێتەوە هەرجارەی لە شوێنێکی دادەنێت وەکو هێمایەک بۆ گۆڕانکاریەکانی ژیان کە بەردەوام لە بەرەوپێشچوون و سەرکەوتندایە، پاشان هەردوو ئەکتەرەکە کچەکە و کوڕەکە لەڕێگەی ئامێری مۆبایلی زیرەک بە ماسنجەر قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن و بە وێنە و ڕەنگ یەکتر دەبینن و باسی شێوازی خۆشەویستی ئەم سەردەمە دەکەن. ئەکتەری سێیەم کارت بەسەر بینەراندا دابەش دەکات وەکو هێمایەک کە ئەمڕۆ هەر کەسە و کارتی تایبەتی هەیە کە ناونیشان و ژمارەی مۆبایلی لەسەرە و دەیدات بە هاوڕێ و دۆستەکانی، نمایشەکە لە سەرەتا تا کۆتایی بەشێوەی ئاهەنگسازی بەڕێوەدەچوو چەندین گۆرانی خۆشەویستی ئامادەکرابوو بۆ بەڕێوەبردنی دیمەنەکان و زۆرجاریش ئەکتەرەکان بەهاوکاری بینەران خۆیان گۆرانیان دەگوت لە چاوپێکەوتنی یان ژوانی کوڕەکە و کچەکەدا هەردووکیان خۆیان ناسک دەکردەوە کوڕەکە سەمای دەکرد و کچەکەش پێی پێدەکەنی و دەستی یەکیان دەگرت و خۆشەویستیەکەیان هیچ بنەمایەکی وەفاداری پێوەدیار نەبوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆشەویستی جاران زۆر وەفادار و خاوەن پەیمان بوون، بەڵام ئەمڕۆکە هەر کوڕێک چەندین کچ بەرێ دەکات تاکو دواجار یەکێک دەخوازێت بەگشتی ئەم نمایشە بەراوردکاریەک بوو لەنێوان خۆشەویستی جاران و ئێستا وە دەرهێنەر بەشێوازی شانۆی شەقام ئەنجامی دابوو بە سەرکەوتووانە.

**نموونەی دووەم: شانۆیی (کێ باوکمە؟)**

ناوەڕۆکی شانۆییەکە باس لەخێزانێکی ئێزیدی دەکات، کە زۆر بەخۆشی دەژین و هیچ کێشەیەکیان نیە و خێزانەکە لە (١١) کەس پێکهاتوون دایک و باوک و (٨) کوڕ و (١) کچ، ئەو کچە لەلایەن خێزانەکەوە زۆر ڕێز لێ گیراو بووە و بەناز بەخێوکراوە و زۆریان خۆش ویستووە، چونکە تاقانە بووە، دوو ڕۆژ پێش هاتنی داعش شوو دەکات و مارە دەکرێت، بەڵام پێش ئەوەی بگوازرێتەوە

کارەساتی شەنگال ڕوودەدات و باوک و براکانی و دەزگیرانەکەی دەکوژرێن و ئەو و دایکی وەکو دیل دەکەونە دەستی داعش، کەسێکی پیر بۆخۆی دەیبات و وەکو جاریە یان دیلی جەنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، پاشان چەند دەستێکی دیکە دەکات و هەریەکەیان بەخۆشی و ناخۆشی لەگەڵی جووت دەبن و دەستدرێژی دەکەنە سەر، یەک لە دیمەنەکان لەنێو خەیمەکدا ڕوودەدات کە زۆر کارێکی نامرۆڤانەی لەگەڵدا دەکەن، پاشان دووگیان دەبێت و کوڕێکی دەبێت، لە دیمەنی دواتردا خۆی و کوڕەکەی دەردەکەون کە تەمەنی بووە بە بیست ساڵ، پێکەوە کاری سێرک و هەزەلی دەکەن، بۆ ئەوەی خەندە بخەنە سەر لێوی خەڵکی، ئەو کارەش بۆ ئەوە دەکەن کە بژێوی ژیانیان دەست بکەوێت و لەلایەکی دیکە بەدوای دۆزینەوەی باوکی ڕاستەقینەی کوڕەکەدا دەگەڕێن، کە بۆخۆشیان نازانن کوڕەکە کێ باوکیەتی، چونکە زۆر دەستی دەستی پێکراوە و چەندین جار تەڵاق دراوە و مارە کراوەتەوە، لێرەدا نەهامەتی و دەردەسەریەکانی گەلی کورد بەگشتی و ئیزیدیەکان دەخاتە پێش چاو، کە دوژمنان بە چ شێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، چۆن دڵڕەقانە و نامرۆڤانە ئەو گەلەیان چەوساندۆتەوە، کوڕە گەنجەکە لەبەرچاوی بینەران سەما دەکات و گۆرانی دەڵێت بە دەوری بینەراندا دەسوڕێتەوە تاکو خەندەیان پێ ببەخشێت، لە دیمەنی دواتر دایکە لە جلوبەرگی سێرک بەدەردەکەوێت و چیرۆکی لەدایکبوون و گەورەبوونی منداڵەکە بۆ بینەران دەگێڕێتەوە تاکو هاوسۆزی لەگەڵدا ئەنجام بدەن، لە دیمەنی کۆتایی دا دایکەکە و کوڕەکە بەدوای باوکی شەرعی کوڕەکە دەگەڕێن، کوڕەکە هەست بە بێکەسی خۆی دەکات و چەند جارێک دەڵێت کێ هەیە دەستی بەزەیی بەسەرمدا بهێنێت بۆیە دوو کەس لە بینەران دەچنە ناو نمایش و ماچی دەکەن دەست بەسەری دادەهێنن ئەوەش یەکێکە لە تەکنیکەکانی شانۆی شەقام کە بینەر بەشداری دەکات لە نمایش، پاشان بینەران پارە دەبەخشنەوە بەسەر کوڕە گەنجەکەدا تاکو بژێوی ژیانی خۆی و دایکی دابین بکات، لەکۆتایی نمایش کوڕەکە نەفرەت لەباوکی دەکات کە نازانێت کێیە بۆیە دەڵێت ئەگەر باوکم بدۆزمەوە لەجیاتی باوەش بەسەرداگرتن تف بارانی دەکەم و نەعلەتی لێ دەکەم، ئاخۆ ئەوە چ باوکێکە منی هێناوەتە سەر دونیا و بەخۆشی تەنها بۆ چێژی سێکسیـ ئەم کارەی ئەنجام داوە و منی بەبێ باوک کردووە، بەشێوەیەکی گشتی ڕیتمی دیمەنەکان زۆر بەخێرایی بەڕێوەدەچوو، ئەکتەرەکان بەتەواوی فەزای نمایشیان کۆنترۆل کردبوو هەست و نەستی بینەریان بۆخۆیان ڕاکێشابوو وە موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینی لە بەڕێوەبردنی دیمەنەکان، ئەم نمایشە نموونەیەک بوو لەو تراژیدیە گەورەیەی کە بەسەر ئێزیدیەکان هات لە شەڕی داعش کە تاکو مرۆڤایەتی ماوە لەبیر ناچێتەوە چونکە کارەساتێکی ئێجگار گەورەبوو لە مێژوودا.

ئەکتەرەکانی ئەم نمایشە شانۆییە (٣) کەسن بەڵام لە دیمەنەکاندا بەشێوەی تاک یان دوانە دەردەکەوتن، لەگەڵ دەستپێکی دیمەنی یەکەمدا کچەکە لەلایەن داعشێکەوە دەستبەسەرکراوە دێنە ناو پانتایی شانۆ پیاوە داعشەکە دوای ئەوەی کە کرداری سێکسی لەگەڵ ئەنجام دەدات دوای چێژ وەرگرتنی سێکسیـ بە قامچیەک بەدوای کچەکە دەکەوێت و بەهەموو هێز و توانای لێی دەدات بەشێوەیەک کە کچەکە هەر دەگری و هاوار دەکات و پەنا بۆ بینەران دەبات لەدەستی ڕزگاری بکەن بەڵام بێ سوودە، دواتر کچەکە چیرۆکی دەستگیرکردنی خۆی بۆ بینەران دەگێڕێتەوە کە لە ماڵی باوکی چەند بەناز گەورە کراوە و ئێستاش تووشی چ نەهامەتیەک بووە، لە دیمەنی دووەم کچەکە لەناو خێمەیە و داعشێک کاری سێکسی لەگەڵ ئەنجام دەدات و سکی کچەکە پڕدەبێت، بینەران تەنها لەمیانی تەکنیکی دەنگەوە هەست بەو حاڵەتە سێکسیە شاراوەی ناو خێمەکە دەکەن، دوای ئەوەی کە کچەکە دێتە دەرەوە و سکی گەورە بووە و خەریکە منداڵی دەبێت، ئەو کچە تاقانەیە چەندین کەس لە پیاوانی داعش کاری سێکسیان لەگەڵ ئەنجام داوە بۆیە کە منداڵی دەبێت نازانێت مێردی شەرعی یان باوکی منداڵەکە کێیە، هەربۆیە کێشەی سەرەکی لێرەدا ڕوودەدات. چەند ساڵێک بەسەر ئەم ڕووداوە تێدەپەڕێت منداڵەکە دەگاتە تەمەنی گەنجی و لەپێناو بژێوی ژیانیان لەگەڵ دایکی یاری سێرک و بووکەشووشە و یاری کۆمیدی ئەنجام دەدەن تاکو بڕە پارەیەکیان دەست بکەوێت هەر بۆیە دەرهێنەر وەکو تەکنیکی هونەری چەندین کەرەستەی لەناو جانتایەکدا داناوە بۆ ئەوەی کوڕە گەنجەکە نمایشی پێ بکات وەکو مێزڵدان و مەمکدانی ئافرەتان و بووکەشووشە.

**نموونەی سێیەم: شانۆی (ژیانبەخش بە)**

بەرهەمی گروپی شانۆی بۆ شانۆ/ کۆیە

شوێنی نمایش/ لەناو نەخۆشخانەی ئازادی فێرکاری – کەرکوک

ڕێکەوت/ 2019/11/29

کاتژمێر/ ١٠ی بەیانی

نواندنی/ هەوراز حەمەد، فەرەیدون حەمەدەمین، د. کەیفی ئەحمەد

موزیک/ جەلال عەزیز، زەینەل، ڕەوەز مەولود

بیرۆکە و دەرهێنانی/ هونەر تاهیر

بابەت و ناوەڕۆکی ئەم نمایشە شانۆییە باسکردن بوو لە یەکێک لە نەخۆشیە بڵاو و درێژخایەنەکانی ئەمڕۆی نێو کۆمەڵگەی کوردی و نەتەوەکانی دیکە کە چەندین کەس و خێزان بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەویش نەخۆشی تالاسیما (کەمخوێنی) کە چەندین کەس لە گەورە و منداڵ تووشی بوونە، دەبێت مانگانە بەپێی پێویست و ڕێنمایی دکتۆر جارێک یان دوو جار خوێنی تێ بکرێت، ئەوەش بۆ خێزانەکان کێشە و بارگرانیەکی زۆرە، کە هەمیشە دەبێت ئاگاداری تووشبووەکانیان بن و سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن، بۆ ئەوەی خوێنیان پێ بدەن، جا زۆرجاران لەو نەخۆشخانە بانکی خوێنانە جۆرێک لە جۆرەکانی خوێن یان هەموو جۆرەکان کەم دەبن و دەست ناکەوێت، بۆیە نەخۆشەکان ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە و ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، دیارە سەرچاوەی پەیداکردنی ئەو خوێنە لەلایەن نەخۆشخانەکانەوە بریتیە لەو کەسە خۆبەخشانەی کە دەچن سەردانی ئەو تاقیگە و بانکی خوێنانە دەکەن و خوێن دەبەخشن، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە نیە وەکو کڕین یان پەیداکردن تاکو بتوانن خوێن بۆ ئەو تووشبووانە فەراهەم بکەن، هەربۆیە ئەگەر بەخشین کەم بێت ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڕی ئەو خوێنە دەبێت و ڕووبەڕووی قەیران دەبن، بۆیە دەبێت ووشیاری هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لەنێو تاک و کۆمەڵدا بڵاوبکەینەوە و ئەو هەستەیان لا دروست بکەین کە ئەوەی دەتوانێت خوێن بدات و توانای بەخشینی هەیە سەردانی بانکەکانی خوێن بکات و خوێن ببەخشێت و ژیانی ئەو کەسانە لە مەترسی ڕزگار بکات، کە ئەمەش ئەرکێکی مرۆڤانە و نیشتیمانپەروەرانەیە.

ئەم نمایشە لە گۆڕەپانی دەرەوەی نەخۆشخانە نمایش کراوە، سەرەتا هەرسێ ئەکتەرەکە دێنە ناو پانتایی نمایش ئەکتەری یەکەم (فەرەیدون) خەریکی هەنار گوشینە، ئەکتەری دووەم (هەوراز) باسی ئەو خوێنە دەکات کە دایکی خوداڵێخۆشبووی هاتۆتە خەونی و پێی گوتووە کوڕم ئەگەر خوێنت بەدەست نەکەوت بەباوکت بڵێ هەنارت بۆ بگوشێت و ئاوی هەنارەکە بخۆوە زۆرباشە بۆ نەخۆشی کەم خوێنی هەر لەکاتی ئەم قسانەدا باوکەکە (فەرەیدون) خەریکی هەنارگوشینە، دواتر کوڕە نەخۆشەکە (هەوراز) ڕستەیەک کیسی خوێنی بەدەستەوەیە سەرێکی گرتووە و سەرەکی تریش بەدەست دکتۆرەکەوەیە داوا لە بینەران دەکەن ئامادەیی خۆیان دەرببڕن بۆ خوێن بەخشین لەپێناو ڕزگارکردنی (هەوراز) و سەرجەم ئەو نەخۆشانەی تالاسیمایان گرتووە تاکو لە مردن ڕزگاریان بکات، دکتۆرەکە ڕێنمایی پزیشکیان پێ دەڵێت و پێیان ڕادەگەیەنێت کە خوێن بەخشین جگە لەوەی ئەرکێکی مرۆڤانەیە لەهەمان کاتدا پێویستە هەموو مرۆڤێک بەلایەنی کەم ساڵی جارێک خوێن ببەخشێت چونکە بۆ تەندروستی مرۆڤەکە زۆر بەسوودە (موزیکی عاتفی) کە دیمەنەکان بەرێوەدەبات هاوکارە بۆ ئەوەی سۆزداری ببەخشێت بە بینەران و دڵیان نەرم و گەرم بکات، هەربۆیە لەدوای بانگەوازی ئەکتەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی بۆ خوێن بەخشین چەند کەسێک لە بینەران دێنە ناو نمایشەکە و ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ خوێن بەخشین، ئەکتەرەکان سوپاسی ئەو هەڵوێستە جوانەیان دەکەن و نمایشەکە دەگوازنەوە بۆ هۆڵی بانکی خوێن و بینەرە خۆبەخشەکان خوێنیان دەبەخشن هەر لەوکاتەدا بەرێوەبەری نەخۆشخانە دێتەژوورەوە چاوی بەو دیمەنە دەکەوێت کە چەند کەسێک لە بینەرانی نمایشەکە خوێن دەبەخشن زۆر خۆشحاڵ دەبێت و سوپاسی نمایشکاران و بینەران دەکات، ئەوەی شایەنی باسە دیمەنی ناو بانکی خوێن و بینەرە خوێن بەخشەکان لەرێگەی کامێرای ڤیدیۆوە تۆماردەکرێت بەواتای تەکنیکی هونەری سینەما لەم نمایشە شانۆییەدا بەشداری دەکات و کامێرا دەچێتە سەر یەکە یەکەی خوێنبەخشەکان (بینەران)، هەروەها دەرهێنەر و ئەکتەرەکانیش بە هەمان شێوەی بینەران ئەوانیش خوێن دەبەخشن و ئەم ئەرکە مرۆڤایەتیە جێ بەجێ دەکەن ئەم نمایشە بەشێوەی نواندن و بەشێوەی پراکتیکی واتا خوێن بەخشینی ڕاستەقینە کۆتایی پێهات.

## 4. ئەنجام پێشنیازەکان:-

### 4.1. ئەنجامەکان

دوای تەواوبوونی ئەم توێژینەوە شیکاریە دەربارەی (ڕۆڵی شانۆی شەقام لە بزاڤی شانۆی کوردی دا) وەکو ئەنجامی لێکۆڵینەوە توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

1. سەرهەڵدانی شانۆی شەقام هەر لە سەردەمی شانۆی گریکەکانەوە تاکو ئەمڕۆ بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە.
2. شانۆی شەقام شێوازێکی مۆدێرنە لەناو ستایلە باوەکانی شانۆدا.
3. لە شانۆی شەقام ئەکتەر و بینەر بەشێوەیەکی زیندوو (ڕاستەوخۆ) بەشداری دەکەن لە پێکهاتەی نمایشی شانۆیی.
4. کەرەستەکانی سینۆگرافیا لەشانۆی شەقام زۆر سادە و ساکارن.
5. موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان و گۆرانی و سەما ڕۆڵی کاریگەر دەبینن وەکو ڕەگەزێکی درامی لە شانۆی شەقام.
6. ئەکتەری شانۆی شەقام پێویستی بە دەنگیکی بەهێز و توانایەکی جەستەیی پلاستیکی هەیە چونکە لە فەزای کراوەدا نمایشەکە پێشکەش دەکرێت.

7. لە هەندێ شانۆی شەقام دا زۆر متمانە دەکرێتە سەر شێوازی نواندنی پانتۆمایم.
8. پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر لە شانۆی شەقام لەسەر بنەمایەکی فکری و هونەری و ئیستاتیکیە.
9. نواندنی ئیرتیجال ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لە نمایشی شانۆی شەقام.
10. لە شانۆی شەقام دا بینەران وەڵامی ئەکتەرەکان دەدەنەوە هەندێک جاریش بەشداری لە نمایش دەکەن و وەکو ئەکتەرێکی دەرەکی ڕۆڵ دەبینن.
11. لە زۆربەی کاتدا شانۆی شەقام لە کەش و هەوایەکی مام ناوەندی پێشکەش دەکرێت بەتایبەتی لە وەرزی پایز و بەهاردا.
12. شانۆی شەقام شانۆیەکی ڕەخنەئامێزە و بەشێوەی تراژیدیا یان کۆمیدیا ڕووداوەکان پێشکەش دەکرێت.

### 4.2. پێشنیازەکان:-

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پێشنیاز دەکەین کە شانۆی شەقام وەکو وانەیەک لە بەشی شانۆی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بخوێندرێت، هەروەها لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان تیپی شانۆیی تایبەت هەبێت بە شانۆی شەقام، ساڵانە لە وەرزی پایز یان بەهار فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی بۆ سازبکرێت تاکو بینەری کوردستان ئاشنا بێت بەهەموو شێوازی شانۆی شەقام لەلایەن ووڵات و نەتەوە جیاوازەکانەوە کە بەشداری فیستیڤاڵەکە دەکەن.

### سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردیەکان:**

- تاهیر، هونەر، **شانۆی شەقام**، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2017.
- محمد، شۆڕش، **ئەزموونکاری لە شانۆدا**، سلێمانی: چاپخانەی تیشک، 2007.
- هەورامی، حەمە کەریم، **درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا**، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2001.
- ئەحمەد، کەیفی، **پێکهاتە و ڕەوتی شانۆی شەقام**، بەغداد: چاپخانەی ڕوئیا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، 2019.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

- حمادة، إبراهيم، **المسرح الجديد**، القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة، 2010.
- شميت، يوخن وآخرون، **المسرح الراقص**، تر: مركز اللغات والترجمة، أكاديمية الفنون القاهرة: أكاديميةالفنون، وحدة الإصدارات مسرح (٨)، ١٩٩٥.
- كريستوفر، اينز، **المسرح الطبيعي**، القاهرة: وزارة الثقافة، سلسلة مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي، 1994.
- ماكدونالد، الأن وآخرون، **مسرح الشارع**، تر: عبدالغني داود وأحمد عبدالفتاح، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٩.
- ميردوند، جيمس، **الفضاء المسرحي**، تر: محمد سيد وآخرون، ط2، القاهرة: أكاديمية الفنون، وحدة الإصدارات، 1996.
- هلتون، جوليان، **نظرية العرض المسرحي**، تر: نهاد صليحة، الشارقة: مركز الشارقة للإبداع الفكري، بدون سنة.
- الياس، ماری. قصاب، حنان، **المعجم المسرحي**، لبنان: مكتبة لبنان ناشرون، 1997.

## تأثير مسرح الشارع في حركة المسرح الكوردي

**ژيلوان طاهر باپير**
قسم السينما والمسرح -كلية الفنون الجميلة –/ جامعة صلاح الدين-اربيل
zhilwan.bapir@su.edu.krd

**كيفى أحمد عبدالقادر**
قسم اللغة الكردية - فاكلت التربية / جامعة كويه
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

**الملخص**

يتناول البحث الموسوم (تأثير مسرح الشارع في حركة المسرح الكوردي) دراسة تحليلية، يعطي ضوء على مسرح الشارع، ويعتبر أحد إتجاه المسرحي منشور في كل البلدان العالمية، على أسس الفكرية والفنية والجمالية. ويقع البحث في ثلاث فصول، تناول الفصل الأول (الإطار المنهجي) عدة نقاط مثل: مشكلة البحث، أهمية البحث، هدف البحث وحدوده. أما الفصل الثاني (الإطار النظري) تناول الموضوع من محاور مثل: بداية وظهور مسرح الشارع و فضاء المفتوح، تجارب مسرح الشارع في البلدان العالم، دور المخرج والممثل في مسرح الشارع، مراحل اعداد مسرح الشارع، أما الفصل الثالث فتناول ثلاثة نماذج مسرحية في مسرح الشارع، وتوصل البحث في الفصل الرابع جملة نتائج من أهمها:

1. في مسرح الشارع الممثل والمتلقي يشاركون بشكل مباشر في تكوين العرض المسرحي.
2. التمثيل الإرتجالي له دور مؤثر في تركيب عرض المسرح الشارع.

**الكلمات الدالة:** المسرح الشارع، تمثيل الإرتجالي، فضاء المفتوح، الممثل، المتلقي، التراجيدي، الكوميدي.

## The Effect of Street Theater on the Kurdish Theater Movement

**Zhilwan Tahir Bapir**
Cinema and Theater Department -College of Fine Arts / Salahaddin University-Erbil
zhilwan.bapir@su.edu.krd

**Kaify Ahmed Abdulqadir**
Kurdish Department -Faculty of Education / Koya University
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

**Abstract**

The research entitled (The effect of street theater on the Kurdish theater movement) deals with an analytical study, which shades light on street theater, and is considered one of the direction of the theater published in all world countries, on the basis of intellectual, artistic and aesthetic. The research consists of three chapters. The first chapter (the methodological framework) deals with several points such as: the problem of the study, the importance of the study, the aim of the study and limits of the study. As for the second chapter (theoretical framework), it dealt with the subjects such as: the beginning and emergence of street theater and open space, experiences of street theater in countries around the world, the role of director and actor in street theater, stages of street theater preparation. As for the third chapter, it dealt with three theater models in street theater, and the research in the fourth chapter reached a number of results, the most important of which are:

1. In street theater, the actor and the receiver participate directly in the formation of the theater performance.
2. Improvisation plays an influential role in the installation of street theater show.

**Keywords**: street theater, improvisational representation, open space, actor, receiver, tragic, comedian.